22140575

International Baccalaureate®
Baccalauréat International
Bachillerato Internacional

**KURDISH A: LITERATURE – STANDARD LEVEL – PAPER 1**
**KURDE A : LITTÉRATURE – NIVEAU MOYEN – ÉPREUVE 1**
**KURDO A: LITERATURA – NIVEL MEDIO – PRUEBA 1**

Friday 9 May 2014 (morning)
Vendredi 9 mai 2014 (matin)
Viernes 9 de mayo de 2014 (mañana)

1 hour 30 minutes / 1 heure 30 minutes / 1 hora 30 minutos

---

INSTRUCTIONS TO CANDIDATES

- Do not open this examination paper until instructed to do so.
- Write a guided literary analysis on one passage only. In your answer you must address both of the guiding questions provided.
- The maximum mark for this examination paper is *[20 marks]*.

INSTRUCTIONS DESTINÉES AUX CANDIDATS

- N'ouvrez pas cette épreuve avant d'y être autorisé(e).
- Rédigez une analyse littéraire dirigée d'un seul des passages. Les deux questions d'orientation fournies doivent être traitées dans votre réponse.
- Le nombre maximum de points pour cette épreuve d'examen est *[20 points]*.

INSTRUCCIONES PARA LOS ALUMNOS

- No abra esta prueba hasta que se lo autoricen.
- Escriba un análisis literario guiado sobre un solo pasaje. Debe abordar las dos preguntas de orientación en su respuesta.
- La puntuación máxima para esta prueba de examen es *[20 puntos]*.





© International Baccalaureate Organization 2014

دەربارەی **یەکێك** لەمانەی خوارەوە بنووسە. وڵامی هەر دوو پرسیارەکە لە نووسینەکەتدا بگونجێنە.

**.1**

هاوینانیش کە دەگەڕامەوە بۆ دێکەمان... هەر لە دوورەوە کە چاوم بە دارەکە دەکەوت، زۆر خۆشتر لەوەی کە چاوم بە نمرەی دەرچوونەکانم دەکەوت!... دەبوایە بەر لە هەموو خزم و برادەرێك سەرم لە دارەکە بدایە... تاسێکی تێکەڵ لە خۆشی و لە زەردەخەنە و فرمێسك... دەچووە دەروونمەوە کە دەمبینی هەروەکوو جارانی خۆمان مناڵەکان: ئەو مناڵانەی ئەو کاتە کە ئێمە یاری هەرزاڵە و چاوشارکێمان دەکرد لە سەرمان نە دەکردن، ... بەڕێز دادەنیشتن و تەماشای ئێمەیان دەکرد!... وا ئێستا ئەوانێش گەورە بوون و یاری لە سەر مناڵە بچکۆلەکانی تر ناکەن! دوای ئەوەی چاوم بە خزم و کەسوکار دەکەوت، کتێبێکی ئەدەبیم دەگرت بە دەستەوە و پاڵم دەدا بە دارەکەوە و دەمخوێندەوە، شەوانیش زۆرجار، بەتایبەتی لە شەوانی مانگە شەودا... ڕادەکشام گوێم دەدایە دەنگی پڕ لە سۆزی لق و پۆپی دارەکە... چاوم لە مابێنی گەڵاکانەوە لە مانگ نە دەترووکان.

خۆشی ترم دیوە! بەڵام هێچ خۆشییەکم نەدی تامی سێبەری بن دارەکە و شەوانی مانگە شەوی بن دارەکە بدا! هەر لە شاری (ك) دا قوتابخانەم تەواو کرد و لە شاری (ق) بووم بە مامۆستا و ئەوەندەی نەخایان شەڕ دەستی پێ کرد! ئیتر بۆ ماوەی دوو ساڵ دێکەی خۆمانم نەدییەوە، بەڕێکەوت کەسێکی خەڵکی دێکەشم نەدی!... چەند بە پەرۆش بووم بۆ بینینی دایکم و (س) ئەوەندەش پەرۆشی بینینی دارەکە بووم، تا لە هەلێکا... گەڕامەوە... کات شەو بوو... لەبەر تاریکی لە دوورەوە هیچم نەدی... کاتێ گەیشتمە بەردەمیماڵەوە... چاوم بەدارەکە نەکەوت، ناخۆشیم زۆر دیوە بەڵام هیچیان وەك ئەو ناخۆشییە نەبوون... زانیم لە گەڵ... زۆر لە براکانما... لەگەڵ باوکەکانا... لەگەڵ باپیرەکانا... دارە پیرەکەش سووتێنراوە!... بۆ بەیانی تەماشام کرد... لە یەکێ لە ڕەگە قووڵەکانەوە... سەرهەڵدانێك دیارە. تەزووی خۆشی و ئومێدێك دڵی ڕاچەنیم و لە بەر خۆمەوە وتم: ”دارە خۆشەویستەکە ڕەگی قووڵت وەك ژیانە و ناسووتێ... سەرهەڵدانەوەت ئەمجارەیان بە جۆرێك پەل و پۆ دەهاوێ، هەموو دێیەکەم بگرێتەوە.“

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، دارەکەی بەر ماڵمان (2007)

(ا) گێرەوەری چیرۆکەکە چۆن جێگای تایبەتی دارە پیرەکە لە ناو دێکەی و ژیانی خۆی بە خوێنەر نیشان ئەدات؟

(ب) نووسەرچۆن خوازە (مەجاز یان مێتافۆر) و سیمبۆلیزم (هێما) بۆ پەرەپێدانی واتای سەرەکی ئەم چیرۆکە بەکار دێنێت؟

.2

**گڵکۆ**

مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.
دەمەو ئێوارێکی درەنگ
کە پەنجەی چڵکنی هەور
خوێنی هەتاوی لێ دەتکا
تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر
بۆ باوەشی گڵکۆ دەخووشێ.
بەربەیانی
لە سەر کێلی رۆژهەڵاتی ئەم گڵکۆیە
هەر دڵۆپێك
دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە.
مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.

مارف ئاغایی، گڵکۆ (1989)

(ا) لەم شێعرەدا شەهید چۆن وێنا کراوە؟

(ب) شاعێر چۆن خوازە (مەجاز) و لێکچوون لەم شێعرەدا بەکار دێنێت؟